گۆڤارێکی ئەدەبی - رۆشنبیریی منداڵانە
ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ دەریدەکات

# خاڵخاڵۆکە ١

ژمارە (١) پاییزی ٢٠٢٤



# خاڵخاڵۆکە 1

مالی خاڵم له کوێیه؟

ژماره (١) پاییزی ٢٠٢٤
گۆڤارێکی ئەدەبی - رۆشنبیریی منداڵانه
ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ دەریدەکات

لێپرسراوی ناوەند:
ئامانج شارباژێڕی

سەرنوسەر:
سەرهەنگ عەبدولرەحمان
0770 158 5241

دەستەی نووسەران:
ئازاد تەها - ئەنوەر شارباژێڕی
ئارەزوو عەبدولخالق

دیزاین: جەلیل حسێن
وێنەی بەرگ: نەجات عەبدوڵڵا

ناونیشان:
سلێمانی - ناحیەی سیتەک - تەنیشت باڵەخانەی
سەرۆکایەتی شارەوانی سیتەک - نهۆمی دووەم
ئۆفیسی سەرەکی ناوەندی ڕووناکبیریی شارباژێڕ

چاپ:
چاپخانەی گەشە




## لەم ژمارەیەدا


٣ خاڵخاڵۆکە بۆچی؟
٤ هۆنراوە
٦ یاریم لەگەڵ دەکەیت؟
٨ نوسەرانی ئەدەبیاتی منداڵانی کورد
١٠ شوێنە جوانەکانی کوردستان
١١ چاوشارکێ
١٢ دۆستی ژینگە
١٤ بیرۆکەی تازە، دەنوکی تازە
١٥ ئیشی دەست
١٦ من و دایکم
١٨ بەسەرهاتەکانی خاڵخاڵ
٢٢ چی بخۆین؟










# گۆڤاری خاڵخاڵۆکە بۆچی؟

دەمێکە بوونی گۆڤارێکی تایبەت بە منداڵانی ئەم دەڤەرە ڕەنگینەی شارباژێڕ بووەتە خەون و خولیای سەرەکی ئەندامانی ناوەندی ڕوناکبیری شارباژێڕ و زۆربەی نوسەران و منداڵانی شارباژێڕ، چونکە لەبواری ئەدەبیاتی مناڵاندا شارباژێڕییەکان پێشەنگن و فەرهەنگە ناودارەکەی (ئەحمەدی) کە لە ساڵی ١٧٩٠ لەلایەن شێخ مارفی نۆدێی یەوە بۆ کاک ئەحمەدی کوڕی نوسیوە، دەکرێت وەک یەکەم بەرهەمی ئەدەبی نوسراوی منداڵ ناوی بەرین. جگە لەوەش زۆر دواتریش پێشەنگەکانی ئەدەبیاتی منداڵان زۆربەیان شارباژێڕی بوون وەک: عەلادین سەجادی، نەجمەدین مەلا، پیرەمێرد، بێکەس، کاکەی فەلاح، فەرەیدون عەلی ئەمین، جەمال شارباژێڕی، هەربۆ درێژەدان بەو خزمەتە، ئێمە لە ناوەندی ڕوناکبیری شارباژێڕ بڕیارماندا بە دەرکردنی گۆڤاری خاڵخاڵۆکە. خاڵخاڵۆکە لە ئێستادا دەبێتە تاکە گۆڤارو یەکەم گۆڤاری منداڵان لە شارباژێڕو بەو ئومێدەی بتوانین خزمەتێکی بچووک بە منداڵانمان بکەین و لەهەمانکاتدا ببینە پردی پەیوەندی نێوان منداڵانی شارباژێڕو منداڵانی کوردستان.

سەرنوسەر



# هەنگ

فەرهاد ئەحمەد بەرزنجی



مناڵە ژیکەڵەکان
گوێم لێبگرن هەمووتان
با تاوێک بتاندوێنم
خۆمتان پێ بناسێنم
نازناوی ژینم هەنگە
ناوم جوان و قەشەنگە
زیندەوەرێکی وردم
بەڵام بەدەست و بردم
دەفڕم لەم چڵ بۆ ئەو چڵ
بۆنیان دەکەم گوڵ بە گوڵ

# دیاری

عەلی حەمەڕەشید بەرزنجی

باوکـم بەڵێنی پێ دام
بەکـــڕینی یارییــەک
ڕۆژێک دڵم خۆش بکات
بۆم بێنێ وەک دیارییەک
...
منیش زۆر بـــە دڵخۆشی
چـاوەڕوان بووم بۆ یاری
دەمـوت ئاخۆ بابە گیـان
چیم بـۆ بێنێ بـە دیاری



# فڕۆكه

ڕەئوف جەمیل



له زەنگی دەرگا درا
باوكم خۆی كرد بەژوورا
وتی: ئازاد بڕوانه
ئا ئەم فڕۆكه جوانه
به دیاری بۆم هێناوی
بۆ خۆت بچۆره ناوی
هەلفڕه به ئاسمانا
گەشت بكه به جیهانا

# باخچه

ئاكۆ محەمەد سابیر

زۆر جوانه باخچەی ناوماڵ
بۆ خۆشی ئێمەی منداڵ
گوڵی زەردو سورو ئاڵ
لەگەڵ پەپوله ی خاڵ خاڵ
هەوای پاكو بۆنی خۆش
نەغمەی بولبولی بەجۆش
گەر ناتوانن باخچەیەک
جوانن چەند ئینجانەیەک
هەبن له حەوشەو هەیوان
جێی سەرنجن لای میوان



# یاریم لەگەڵ دەکەیت؟



وەرگێڕانی: سەرهەنگ عەبدولرەحمان



من پشیلەیەکی بچووکم!
هەموو ڕۆژێک دەچم بۆ قوتابخانە، ئەمڕۆ ویستم لەگەڵ پشیلەی هاوڕێم یاری بکەم.



وتم: میاوو! واتە: وەرە یاری ختوکەدان بکەین.
وتی: میاوو واتە: من حەزم لەم یارییە نیە، بەڵام من بە کلکم ختوکەم دا ، قد قد.



پشیلەی هاوڕێشم پێکەنی، قیژاندی و وتی: میاووو هاها! میاووو. واتە: مەکە مەکە!
بەڵام من گوێم پێنەدا. پشیلە گەورە گوێی لە دەنگمان بوو، هاتە نزیکمان.

شاهیدە شەفیعی

نیگار: فاتیمە محەمەد عەلی پور

پشیلە گەورە وتی: میاو میاوو! واتە: هەست دەکەم یەکێکتان حەزی لەم یارییە نیە.



پشیلەی هاوڕێم وەڵامیدایەوە: میاوو! واتە: حەز ناکەم کەس ختوکەم بدات.

پشیلە گەورە وتی: میاوو! میاو! واتە: نابێت هاوڕێکەمان ناچار بکەین یاریمان لەگەڵدا بکات.

منیش پرسیم: میاوو؟ واتە: ئەی چۆن یاری بکەین؟



پشیلە گەورە وتی: میاو! واتە: کاتێ هاوڕێکەشمان ڕازی بێت.



پشیلە گەورە بە میهرەبانییەوە وتی: میاوو! واتە: ئێستا دەتوانین هەموو پێکەوە یاری بکەین!

من و پشیلەی هاوڕێم بەخۆشحاڵییەوە وتمان: میاووو واتە: چ یارییەک؟

**ئێستا تۆ پێمان بڵێ:**

١- ئەگەر کەسێک تۆ ناچار بە یاری بکات، چ هەستێکت هەیە؟ چی پێدەڵێی؟

٢- ئەگەر هاوڕێکەت حەز نەکات یاریت لەگەڵدا بکات، چ هەستێکت هەیە، چی پێدەڵێی؟

# شێرکۆ بێکەس

ئا: ڤینا

شێرکۆ بێکەس، کوڕی فایەق بێکەسە و لەڕۆژی (٢)ی ئایاری ساڵی (١٩٤٠) لە لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایکبووە و لە ڕۆژی (٤) ی ئابی ساڵی( ٢٠١٣) لە ستۆکهۆڵمی پایتەخی سوید بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.

شێرکۆ بێکەس بە یەکێک لە شاعیرە نوێخوازەکانی هاوچەرخی نەتەوەی کورد دادەنرێت و خاوەنی چەندین نامیلکە و دیوانی شیعرییە و زۆرێک لە شیعرەکانی بۆ چەندین زمانی زیندووی جیهانی وەرگێڕدراون.

لە ساڵی ١٩٨٧ لە سوید "خەڵاتی تۆخۆڵسکی" وەردەگرێت، دواتر لە ساڵی ١٩٩٢ دەبێتە وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان.

لە ساڵی ١٩٩٨ بە یارمەتی هاوڕێکانی "دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم"ی دامەزراند، کە یەکێک لە پرۆژەکانی گۆڤاری (منداڵی سەردەم)ەو تا ئێستا بەردەوامە لە دەرچوون.

جگە لەوەش لەبواری ئەدەبیاتی منداڵانیشدا کتێبێکی چیرۆکی بۆ منداڵان بەناوی (کوکوختییە بزێوەکە) هەیەو چەندین چیرۆک و ئۆپەرێتیشی بۆ منداڵان لە گۆڤارەکاندا بڵاوکردۆتەوە.

نمونەی هەڵبەستێکی:

**لە کاتێکدا کە منداڵ بووم**
**دەستی چەپم حەزی ئەکرد**
**وەک دەستی منداڵی پۆشتەی دراوسێمان،**
**سەعاتێکی تیابێ ئەویش.**
**وڕکم ئەگرت،**
**دایکم ناچار گازی ئەگرت لە مەچەکم**
**بە جێگەی دان سەعاتێکی بۆ ئەکردم**
**ئای.. کە دڵخۆشی ئەکردم...!**



# پردی دەلال

ئا: ڤارین

پردی دەلال کە واتای جوانی یان شۆخی دەبەخشێت، پردێکی کۆن و مێژووییەو دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتی شارۆچکەی زاخۆ، پردەکە ٥٠ کیلۆمەتر لە ناوەندی دهۆکەوە دوورە و لەسەر ڕووباری خابوور بنیاتنراوە و هەردوو بەشی زاخۆ پێکەوە دەبەستێتەوە.
درێژی پردەکە ١١٤ مەترە و پانییەکەی ٤,٧٠ مەترە و بەرزییەکەی لەسەر ڕووباری خابوورەوە ١٥,٥٠ مەترە. لە ناوەڕاستەوە پردەکە ١٨ مەتر لەسەر ئاستی ئاوەکەوە بەرزە و پێنج کەوانە لە ناوەڕاستی پردەکە بوونیان هەیە و هەر کەوانەیەکیش بە ستوونێکی بەهێز پاڵپشتی کراوە.
مێژووی پردی دەلال دەگەڕێتەوە بۆ دوو هەزار ساڵ پێش ئێستا، چەند بۆچوونێکی جیاواز سەبارەت بە مێژووی دروستکردنی پردی دەلال بوونی هەیە، یەکەمیان بۆچوونێکە کە بنیاتنان و دروستکردنی پردەکە دەگێڕێتەوە بۆ سەردەمی ڕۆمانییەکان.
بۆچوونێکی تریش مێژووی بنیاتنانی پردەکە دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی عەباسییەکان.
لە ئێستادا چەند جارێک پردەکە نۆژەن کراوەتەوەو هیچ گۆڕانکارییەک لە شێوە کۆنەکەی نەکراوە. هاوکات چەند پرۆژەیەکی گەشتیاریی کەرتی تایبەتیش لە نزیک پردەکە دروستکراون، بەوهۆیەوە لە ئێستادا پردی دەلال بووەتە شوێنێکی گەشتیاری گرنگ لە زاخۆ و دهۆک، ساڵانە گەشتیاری زۆر لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان و عێراق سەردانی دەکەن.



# چاوشارکێ



نوسینی : ئامینه سادقی
وەرگێڕانی: ئازاد تەها عەلی

بۆق بۆقیلە بە دایکی وت: من خۆم دەشارمەوەو تۆش بمدۆزەرەوە. پاشان گەڕاو لەدوای بەردێکەوە خۆی شاردەوە. دایکە بۆق سەری بەرەو ئەم لایە سوڕاندو وتی: جۆ! شار چۆڵ! )

ئینجا بۆق بۆقیلە خۆی هەڵدایە پشت دەوەنێک و دەوەنەکە جولایەوە. دایکە بۆق سەری بە ئەولادا سوڕاند و وتی : چاوم لێتە، جۆ.

بێچوە بۆق چووە ژێر گەڵایەک، با هەڵیکرد و گەڵاکەی برد. سەری بێچوە بۆق دەرکەوت. دایکە بۆق وتی : بۆق بۆقیلە جۆ.

بێچووە بۆق وتی : ئەمجارە لە شوێنێک خۆم دەشارمەوە کە نەتوانی بمدۆزیتەوە.


بێچوە بۆق کونێکی دۆزییەوەو خۆی هەڵداو چووە ناو کونەکەوە.

دایکە بۆق هەموو شوێنێک گەڕا و بێچووە بۆقی نەدۆزییەوە.

فیل خەوتبوو. خەرتومەکەی خوراو هاپچیوو پژمی.

بێچووە بۆقی هەڵدایە دەرەوەو کەوتە سەر سەری دایکە بۆق و وتی:

شار چۆڵ. بینیت ئەمجارە ناتوانی بمدۆزیتەوە!





# دۆستی ژینگە

مەحببوبە دەشتی
لە فارسییەوە: توانا نەوشیروان

دایکی سمۆرەی بچووک دەربارەی زۆر شت زانیاری هەبوو، چونکە پەرتووکی زۆر دەخوێندەوە.

سمۆرەی بچووک لەنێو دارستانە چڕەکاندا لە دایک بوو بوو.

دایکی لەناو پەرتووکخانەدا مرۆڤگەلێکی زۆری بینیبوو، بەڵام سمۆرەی بچووک جگە لە باڵندەو قەوزەو بەڕوو قارچکەکان هیچ شتێکی تری نەبینیبوو.


ئەو زۆر حەزیدەکرد مرۆڤەکان ببینێت، چونکە دایکی دەیوت: ئەوان خاوەنی شتێکن کە بونەوەرەکانی تر نیانە؛ ئەویش مێشکە.

دایکی دەیوت: مێشک شتێکی زۆر گرنگە. مرۆڤەکان بەهۆی مێشکیانەوە ڕاست و هەڵە لەیەک جیادەکەنەوە و خۆیان لە مەترسییەکان دەپارێزن.

ڕۆژێکیان سمۆرەی بچووک مۆڵەتی لەدایکی وەرگرت و لە شاخەکە هاتەخوارەوە، گەیشتە شوێنێک دارستانی لێنەبوو.

لەوێدا مرۆڤێکی لێبوو خەریکی دروستکردنی خانوو بوو. خانووی دارین.

مرۆڤێک بوو بەتەورەکەی دەستی دارەکانی دەبڕییەوە و دیواری دارینی پێدروست دەکردن. ژمارەیەکی زۆر مەڕ و بەرخ لەدەرەوەی دیوارەکەدا بوون.



مەڕ و بەرخەکان ئالیکیان دەخوارد.
لەناکاو ژمارەیەکی زۆر دەنکۆڵە خۆڵ پەیدابوون.
سمۆرەی بچووک زۆر ترسا.
ئێستا ئیتر نەیدەویست لە مرۆڤەکان نزیکببێتەوە.
بەخێرایی بەسەر ئالیک و گژوگیا و قەوزەکاندا تێپەڕی و بەشاخەکەدا هەڵگەڕا و ڕۆیشتە سەرەوە.
لەڕێگەدا بیری لە کۆتایی دارستانەکە دەکردەوە. ئەو مرۆڤانەی لە کۆتایی دارستانەکەدا دەژیان و نەدەترسان. بیری لەوە دەکردەوە ئەگەر دارستانەکە نەبوایە، هەور نەدەبوو، باران نەدەبوو. بیری لە خاک و بە ملین بوونی زەویی دەکردەوە، کە دایکی پێیدەوت: بە بیابان بوون.
کاتێک دایکی بینی، بە دڵتەنگییەوە هەموو ئەو شتانەی بۆ باسکرد کە بینیبووی. دایکە سمۆرەیش زۆر دڵتەنگبوو، بە سمۆرەی بچووکی وت: وەرە بڕۆین، نزا بکەین و ئاوات بخوازین.
پاشان بەیەکەوە ڕۆیشتنە سەر بەرزترین داری دارستانەکە.
دیمەنی سەر دارەکە زۆر جوانبوو.
دایکە سمۆرە دەستەکانی بەرزکردەوە و نزای دەکرد.
سمورەی بچووکیش بەدوایدا ئەو کارەی کرد.
سمۆرەی دایک لەناخی دڵەوە ئاواتی باشبوون و سەوزپۆشینی هەموو دنیای دەخواست.
سمۆرەی بچووکیش هەمان شتی لە خوا داوا دەکرد.
دواتر لە دارەکە هاتنە خوارەوە و دڵنیابوون، بەهۆی نزا و ئاوات خواستنەکەی ئەوانەوە شتێک ڕوودەدات.





# بیرۆکەی تازە، دەنوکی تازە

تا ئێستا بووە لەکاتی دروستکردنی ئیشێکی دەستیدا بە هەڵە بەشێکی ئیشەکەت لێ تێک بچێت؟ یان لەکاتی نیگارکێشاندا بەشێکی وێنەکە بەلاتەوە ناشرین دەرچووبێت؟ دڵنیام بۆ خۆت و هاوڕێیانت هاتۆتەپێش. هەندێک لە مناڵان کاتێ ئیشە دەستییەکانیان یان نیگارەکانیان بەدڵ نابێت، تووڕە دەبن و رەنگە پارچە پارچەی بکەن و فڕێشی بدەن. هەندێ کاتیش نیگەران دەبن و دەگرین. ئەوکاتە دایکیان یان خوشک و برایەکی لەخۆیان گەورەتر بۆیان دروست دەکەنەوە.
شتێکی ئاشکرایە کە مناڵان و و گەورەکانیش ئەو شتەی کە خۆیان حەزیان لێیەتی و ئەگەر لێیان تێک بچێت، نیگەران دەبن.
ئێستا وەرن وای دابنێن ئیشێکی دەستیمان لێ تێکچووە. بۆنموونە کاتی بڕینی چواردەوری جوجەڵەی نیگارەکەمان نەمانزانیوەو دەنوکیشیمان بڕیوە. دەتوانین چی بکەین؟ دەتوانین دەنوکێکی تازە لەسەر کاغەز بکێشین و بە سەری جوجەڵەکەیەوە بچەسپێنین. یان ئەوەی کە یەک پارچەی بچووکی کاموا هەڵبگرین و دەنوکی جوجەڵەکەمان بە کاموا دروست بکەین یا... ئیتر چ بیرۆکەیەک بە خەیاڵتا دێت؟
هەست دەکەم ئەم بیرۆکە سەیرو تازانە نیگەرانیەکەشمان دەڕەوێنێتەوە.





# جوجەڵە




- ئەو شتانەی کە پێویستتە:
- هێلکە
- لۆکە
- نیسک
- کاغەزی رەنگاورەنگ
- مقەست و چەسپ



سەری هێلکەکە بشکێنەو ناوەکەی بەتاڵ بکە.
لۆکەکە گلۆڵە بکەو بیخەرە ناو هێلکەکەوە.
دوو دەنک نیسک بە لۆکەکەوە بلکێنە.
سێگۆشەیەک لە کاغەزی ڕەنگاوڕەنگ ببڕە.
ئینجا وەک دەنوک بیلکێنە بە خوار نیسکەکانەوە.
ئەمەش جوجەڵەکەت.






# من و دایکم

من و دایکم لەسەر لقی دارەکان جۆلانێ دەکەین.

دایکم بە باشی گوێ بۆ قسەکانم دەگرێت.

من و براکەم لەنێو ڕووبارەکە
لەگەڵ دایکماندا مەلە دەکەین.


دایکم یارمەتیم دەدات
خواردنی بەتام بخۆم.
دایکم کیسە خەوێکی گەرم و
نەرمی بۆ من هەیە.
من و دایکم پێکەوە
لەتەنیشت ڕووبارەکە
یاری دەکەین.

# کاری نهێنی

مەجید ڕاستی
وێنە: عاتیفە مەلەکی جۆ
و: داناز عەبدولڕەحمان




کەوابوو خاڵخاڵ خواردنی بۆ ئەو دەبرد!
ئێمە بەهەڵەدا چووین.
لەهەمانکاتدا، خاڵخاڵ بە قاپی خواردنەکەوە گەڕایەوە. هاوڕێکانی لەنێو ئەشکەوتەکەدا بینی.
بە ئێوەم نەگوت، چونکە دەمەویست خۆم بەتەنیا خواردنی بۆ بەرم.
خاڵخاڵ، تۆ چەند هاوڕێیەکی باشی.
ئێمە چەند خراپ بیرمان دەکردەوە!
ئێستا ئێمەش یارمەتیت دەدەین و خواردن بۆ دایناسۆرە چکۆل دەهێنین.
هەموو پێکەوە لە ئەشکەوتەکە هاتنە دەرەوە.




# بگەڕێ و بیدۆزەرەوە



**لەم وێنەیەدا پێنج شێوە بزرە.**

**بیاندۆزەرەوەو دەستنیشانیان بکە.**



گۆچانەکەی باپیرە لەم وێنەیەدا ون بووە. هەوڵبدە بۆی بدۆزەرەوە



# چی بخۆین؟

## تا دەم و ددانمان بە جوانی بمێننەوە.



**میوە بخۆن!**

میوە پوکتان بەهێز دەکات.

**پەنیر بخۆن!**

پەنیر، دەمتان بە پاکی و جوانی دەهێڵێتەوە.

**سەوزە بخۆن!**

گێزەر، کەلەرم و کەرەوەز ڤیتامین (A)ی تێدایە.
ناو دەمتان بەپاکی و ساغی دەهێڵێتەوە.

**شیرو ماست بخۆن**، چونکە کالیسیۆمیان تێدایە.
کالیسۆم ددانەکان بەهێزو پتەو دەکات.

**پیاز بخۆن!**

پیاز میکرۆبەکانی ناو دەم لەناو دەبات.





# منداڵی ژیر

ئامانج شارباژێڕی

منداڵی ژیرو وریا
پاکتر لە ئاوی دەریا

گەر لە لادێ و لە شاری
گوێگرە لە ئامۆژگاری

گەر کوڕی یاخود کچی
کە بۆ قوتابخانە ئەچی

گشت کات پاك و ڕاستگۆبە
هێمن و لەسەرخۆبە

قوتابخانەش وەك ماڵە
ئەبێ دەرچی ئەو ساڵە

وانەکانی ڕۆژانە
بنووسەرەوە گیانە

پیشەی تۆ خوێندنەو بەس
نەڕەنجێنی دڵی کەس

ڕۆژان دەڕۆن و شەو دێن
دووربە لە شەڕو لەجوێن

گەر ئاوابی هەمیشە
بەکردەوەو بەپیشە

بۆ خۆت و دایبابانت
مسۆگەرە ژیانت



خاڵخاڵۆکە





| ڕەنگەکان | Colour |
|---|---|
| سوور | red |
| زەرد | yellow |
| شین | blue |
| سەوز | green |
| پەمەیی | pink |
| پرتەقاڵی | orange |
| ڕەش | black |
| مۆر | purple |